# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| دەمەوێت دوای مەرگی خۆم ببینم... | ئا: گۆڤاری هەنار | ٧ |
| خەسڵەتەکانی زمانی شیعری کوردیی هاوچەرخ... | د. عادل گەرمیانی | ١٢ |
| پاول سێلان "گوڵەباخی هیچ کەس"... | د. لەتیف هەڤرێست | ٤٤ |
| یاخیبوونی رەها لە رۆمانی (راستییە درۆزنەکان)... | دانا کەمال | ٥٦ |


## دەق


| | | |
|---|---|---|
| چرا کچی تاریکاییە بۆ منداڵێتی خۆی دەگەڕێ... | لەتیف هەڵمەت | ٦٧ |
| دڵدانەوە...! | ئیدریس عەلی | ٧٤ |
| خەم مەیلی چاوانم ئەکا... | چنوور نامیق | ٧٨ |
| خەڵوەتگە... | مارف عومەر گوڵ | ٨٠ |
| یا غەفار... یا غەفار...!! | حسێن ئەحمەد | ٨١ |
| کۆتری ئاشتی دڵتم پێ بسپێرە... | کەژاڵ ئیبراهیم خدر | ٨٤ |
| ئەی ئاو... | ئەحمەد حەقناس | ٨٧ |
| داهاتوو، بەسەر پشتی کیسەڵەکانەوە... | گۆران ڕەسوڵ | ٩٢ |
| لە هەرەسی دەریاو دونیا... | هاوڕێ یووسفی | ٩٥ |
| دیدار... | حەسەن نازار | ٩٩ |


## دیدار


| | | |
|---|---|---|
| دیدار لەگەڵ د. مەولود ئیبراهیم حەسەن: | سازدانی: هەرێم عوسمان | ١٠٣ |

وشە و شیعر و خوێنەرانی کرد و بە سادەترین دەربڕین دوای مەرگی ئەم ئیمپراتۆرەی شیعری کوردی شیعر هەتیو کەوت، وشە لاڵ بوو. مەرگی شێرکۆ لە راگەیاندنەکانی دونیادا رەنگدانەوەی هەبوو، بە شێوەیەک راگەیاندنی زۆرێک لە زمانە زیندووەکانی دنیا باسیان لە مەرگی ئەم شاعیرە ناودارە کرد. هەروەها ژمارەیەک لە نووسەرە ناودارەکانی دونیا لە مەرگی ئەم شاعیرە ناودارەی کورددا دەستیان دایە قەڵەم. تەلەفیزیۆنی BBC ئینگلیزی لە راپۆرتێکدا دەربارەی مەرگی شێرکۆ نووسی: "شاعیرێک داوای کرد دوای مەرگی مۆسیقا لێبدرێت و لە پارکی گشتی شار بنێژرێت. کە بێگومان مەبەستی پارکی ئازادی بووە. ئەم ماڵپەڕە دواتر باسی لە پێگە و کەسایەتی شێرکۆ کرد. لە بەرنامەیەکی کورتدا ژیاننامەیەکی کورتی شێرکۆ بێکەس خوێندرایەوە لەگەڵ خوێندنەوەی چەند شیعری کورتی شێرکۆ بۆ سەر زمانی ئینگلیزی کە ژێرنووسی شیعرەکانی کرابوو.

سەید عەلی ساڵحی لە وتارێکیدا کە لە ماڵپەڕی (ئیسنا) بڵاوبۆوە مەرگی شێرکۆی بە مەرگی ئیمپراتۆری وشە زانی. لە وتووێژێکی رادیۆدا لەگەڵ رادیۆ زایەڵە لە "سوید" و وتووێژ لەگەڵ (ناسر سینا) باسی لە چۆنییەتی ئاشنایی خۆی لەگەڵ شێرکۆ کرد و مەرگی شێرکۆی بە خەسارێکی گەورە، نەک تەنها بۆ ئەدەبی کوردی بۆ ئەدەبی جیهانی زانی.



سەید عەلی ساڵحی هەروەها دەڵێت:" لەڕاستیدا شێرکۆ بە یەکێک لە شاعیرە ناسراوەکانی ئاسیا دێتە ئەژمار و هەموو کات لەلای من حورمەت و پێگەیەکی تایبەتی هەبووە. هۆگریی من بۆ شێرکۆ بێکەس هاوشێوەی هۆگریی منە بۆ یانس ریتسۆس، پابلۆ نێرۆدا، نازم حیکمەت، فدریکۆ گارسیا لۆرکا، مەحمود دەرویش و ئەحمەدی شاملوو، ئەو شاعیرە بە ئەزموونانەی کە ئولگووی من بوون، بەتایبەت دەربارەی هەست بە دەربەستبوونیان بەرامبەر بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی".

ڕۆژنامەی "فەرهیختگان" لە وتارێکدا بە مانشێتی گەورە نووسی: "مەرگی ئیمپراتۆری شیعر" و دواتر باسی لەوە کرد مەرگی شێرکۆ تەنها خەسار نەبوو بۆ ئەدەبی کوردی، بەڵکو خەسار بوو بۆ ئەدەبی جیهانی.

هەروەها BBC فارسی ڕۆژی ٥ ی ئابی ٢٠١٣ ڕاپۆرتێکی دوور و درێژی دەربارەی ژیان و بەرهەمەکانی شێرکۆ بڵاو کردەوە. ئەم ڕاپۆرتە کە لەلایەن "کاوە قورەیشی" ڕۆژنامەنووسی کوردەوە ئامادە کرابوو، باسی لە وەسیەتنامەکەی شێرکۆ بێکەس کرد و دواتر پەرژایە سەر ژیان و بەرهەمەکانی شێرکۆ. لە بەشێک لە وتارەکەی کاوە قورەیشی لە ماڵپەڕی BBC فارسیدا هاتووە.

ماڵئاوا "هاووڵاتی" فلۆرانس

دواتر دەنووسێت: "شێرکۆ بێکەس لە بەرەی دووەمی شیعری نوێی کوردییە. شیرکۆ ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ ژمارەیەک لە نووسەرانی کوردستانی عیراق شەپۆلی ئەدبی نوێخوازی "ڕوانگە"یان دامەزراند. بێکەس لەگەڵ شاعیرانێکی تری وەک عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت و ڕەفیق سابیر، بە دامەزرێنەرانی شیعری نوێی کوردی، قۆناغی دوای گۆران دەزانرێن.

لەم وتارەی بی بی سی فارسیدا دواتر هاتووە، بێکەس بە هۆی کێشەی سیاسی لە ساڵی ١٩٨٦ عێراقی بەجێهێشت و ساڵی دواتر ڕوویکردە وڵاتی سوید و تا ساڵی ١٩٩٢ لەوێ مایەوە. لەیەکەم ساڵی مانەوەی لەو وڵاتە "نێگوار کارلسن" سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی سویدی بینی و خەڵاتی جیهانی "تۆخۆلۆفسکی" لە دەستی ئەو وەرگرت. هەر لەو ساڵەدا ناوەندێکی ناحوکمی لە شاری فلۆرانسی ئیتاڵیا، نازناوی "هاووڵاتی" پێبەخشی.

هەر ڕۆژی ٥ی ئابی ٢٠١٣ بەشی فارسی تەلەفیزیۆنی دەنگی ئەمریکا، لەراپۆرتێکدا کە "شەپۆل عەباسی" سینەماکاری کورد ئامادەی کردبوو، باسی لە ژیان و بەرهەمەکانی شێرکۆ کرد. لەو ڕاپۆرتەی دەنگی ئەمریکا VOA Persian))دا گرنگی تایبەت بە وەسیەتنامەکەی شێرکۆ بێکەس درا. هەروەها

ژمارەیەک لە شیعرەکانی بە دەنگی شێرکۆ پێشکەش کرا و دواتر ٢ شیعری شێرکۆ کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی و ئەحمەد شاملوو بە دەنگی خۆی خوێندوویەتییەوە، پێشکەش کرا. هەروەها لەو راپۆرتەدا باس لەو دیوانە شیعرەی شێرکۆ کرا کە بە ناتەواوی ماوەتەوە، ئەویش ئەو دیوانە شیعرەیە کە بۆ کەرکووکی نووسیوە.

وەسیەتنامەکەی شێرکۆ لە راگەیاندنەکانی دونیادا رەنگدانەوەی زۆری بووە، بە شێوەیەک بەشێکی زۆر لە راگەیاندنەکان لەگەڵ باسکردن لە مەرگی ئەم شاعیرە باسیان لە وەسییەتنامەکەی کردووە. رۆژنامەی بەهار رێکەوتی ٦ی ئۆگۆستی ٢٠١٣ وەسیەتنامەکەی شێرکۆی بڵاوکردەوە و لە مانشێتەکەدا نووسیویەتی: "دەمەوێت دوای مەرگی خۆم ببینم". بە واتایەک شێرکۆ بە وەسیەتنامەکەشی بەرهەمێکی دوای خۆی بەجێهێشت کە جیهانی تووشی سەرسووڕمان کرد. جۆرێک لەتابۆکانی شکاند.

رادیۆ دەنگی ئەڵمان بەشی فارسی باسی لە مەرگی شێرکۆ کرد. ئەم رادیۆیە بۆ سەرەتای بەرنامەکە لە دوایین بەرهەمی شێرکۆوە دەستی پێکرد. خێراکە مردن خەریکە بگات. لەم وتارەدا هاتووە، کە ئەم کتێبە بەرهەمی سێ ساڵی پێش مەرگی شێرکۆیە. دواتر باسی لە ژیان و بەرهەمەکانی شێرکۆ کرد. لەم وتارە رادیۆییەدا هاتووە: "شێرکۆ دوای ئازادی کوردستان، ساڵی ١٩٩٢ بوو بە یەکەم وەزیری رۆشنبیری کوردستان، بەڵام زۆر زوو زانی جێگای ئەو نەک وەزیربوون، بەڵکو شاعیربوونە. بۆیە وازی لە پۆستەکەی هێنا و لە سووچی ماڵەوە بە کاری نووسینەوە سەرقاڵ بوو. پاشان دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمی دامەزراند".

بەشێکی زۆر لە راگەیاندن و میدیاکانی دونیا. مەرگی شێرکۆیان بە خەسارێکی گەورە بۆ ئەدەبی کوردی و تەنانەت هەندێ جاریش جیهانی زانی. ماڵپەری رادیۆ کلتووری ئەڵمان (kulturnachrichten) نووسی: "شێرکۆ بێکەس شاعیری کورد ماڵئاوایی لە ژیان کرد." لەم راپۆرتەدا هاتووە: "شێرکۆ بێکەس شاعیری کوردی عێراقی لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەیەک لە ستۆکهۆلم ماڵئاوایی لە ژیان کرد".

جگە لە دەنگدانەوەی مەرگی ئەم شاعیرە کوردانی نێشتەجێی وڵاتانی دونیاش، لەوانە ستۆکهۆلم و یۆتۆبۆری و ئەمریکا و.. بە بۆنەی مەرگی ئەم شاعیرەوە کۆڕی ماتەمینییان گێڕا و شیعر خوێندرایەوە. گەورەترین کۆڕ کە گیرا، ئەو کۆڕەبوو کە لە تاران و لە هۆڵی وەحدەت بە هەوڵی نووسەرانی کورد

و کوردانی نیشتەجێی تاران و قوتبەدین سادقی گیرا. ئەم کۆڕە کە ڕێکەوتی ٢٤ گەلاوێژ بەرامبەر بە ١٣ی ئابی بەڕێوە چوو، بە قسەکانی قوتبەدین سادقی دەستی پێکرد. دواتر لەلایەن چەند هونەرمەندی کوردەوە، لەوانە: "شەهرام نازری"، بێهرووز تەوەکوللی، سەعدوڵڵا نەسیری و دیلان نەسیری و گرووپی چل دەفەوە چەندین بەرهەمی هونەری پێشکەش کرا. هەروەها جەلال مەلەکشا و کامبیز کەریمی شیعریان پێشکەش کردو بەختیار سەجادی لە وتارێکدا باسی لە پێگەی شێرکۆ بێکەس کرد.

هەر لەم کۆڕەدا عەلیرەزا قەزووە لە وتەیەکی کورتدا وتی: "ئەو ڕۆژەی ریتیسیوس شاعیری ناوداری یۆنانی ماڵئاوایی لە ژیان کرد من لەسەربان لە کازروون راکشابووم، تەماشای ئاسمانم دەکرد و چاوم لە مانگ بڕیبوو، ئەو رۆژە لە دەلهی باران بە لێزمە دەباری، ئەم ڕۆژانەش کە رۆژانی بارانی ئەو سەرزەمینەیە، هەستم کرد بە یادی شاعیرێک دەبارێت کە من شیعرەکانیم هەموو کات پێخۆش بووە. شێرکۆ بێکەس.

ئەمە بەشێک بوو لە رەنگدانەوەی مەرگی شێرکۆ لە میدیای جیهانیدا. لای خۆشمان چەند وتارێک نووسراون و بڵاو کرانەوە، کەچی نە وتارەکان و نە مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەشی لە ئاستی گەورەیی ئەو شاعیرەدا نەبوون.



| | |
|---|---|
| چرا کچی تاریکاییە بۆ منداڵێتی خۆی دەگەڕێ | لەتیف هەڵمەت |
| دڵدانەوە...! | ئیدریس عەلی |
| خەم مەیلی چاوانم ئەکا | چنوور نامیق |
| خەڵوەتگە | مارف عومەر گوڵ |
| یا غەفار... یا غەفار...!! | حسێن ئەحمەد |
| کۆتری ئاشتی دڵتم پێ بسپێرە | کەژاڵ ئیبراهیم خدر |
| ئەی ئاو | ئەحمەد حەقناس |
| داهاتوو، بەسەر پشتی کیسەڵەکانەوە | گۆران ڕەسوڵ |
| لە هەرەسی دەریاو دونیا | هاوڕێ یووسفی |
| دیدار | حەسەن نازار |
| دیدار لەگەڵ د. مەولود ئیبراهیم حەسەن: | سازدانی: هەرێم عوسمان |

